بۆ بینینی بابەتەکانی تری نووسەر ئێرە کلیك بکە

Kurdistannet کوردستان نێت

# خامە چەپەڵ    ئەحمەد دەشتی

من چیم لە تۆ پەست و تەرەس
کە بـەخامەی ژەهراویتا
بۆنی تەرسی دوژمن  دەکەی
لە خەرەندی خۆفرۆشی
دەست دەنێـیتە خنخنۆکەی
خۆشەویستی کوردایەتی و
تەوهین بە ڕەنجی کورد دەکەی
دەبـیە دەستی داگیرکەران
دژ بە کوردو سەرووەرانم
ڕوو لە پەستی و دژە خۆیی
 بە دڵی نەیاری کورد دەکەی
من چیم لەوەی نامەردانە
کە تا ئەمڕۆ تۆ تێ ناگەی
لە سەنگەری دوژمنانم
ڕو لە لاشەی گەنیو دەکەی
دژ بەکورد وکوردستانم وا دەقڕێنی
لە جیات نوسین بۆ کوردستان
خامەی ژهرت بۆ داگیرکەر
خۆ فرۆشانە بە کـار دەبەی
تۆ دەزانی کە لا ڕێیت و
وا بە ئەنقەست تف لە ڕووی خۆ و
بۆ دوژمنانت گول دەبەی
بەسیە وەرە کردەوەی بەد
نەفرین بکە و بگەڕێوە لای یارانت
پێنوسەکەت هەلگێڕەوە و
تف کە لە رووی دوژمنانی کوردستانت
تۆ جێماوی لە کاروان و

**ڕێی خەباتی کوردایەتی**
**بەو شێوەیە ڕووت ڕەش دەکەی**
**کە نۆکەری دوژمنانی**
**کێ کە مەرد بێ قەت لانادا**
**لە ڕێی گەل و نیشتمانی**
**هەرکێش هەوراز تفێ باوێ**
**ئەوا ڕووی خۆی پێ پیس دەکا و**
**بە ڕووی کەسیف دەمێنتەوە**
**ڕاستە، مەلێ لە ڕەو دابڕێ**
**باڵی دەشکێ و جێگەی چاڵە**
**تۆش دابڕاوی لە یارانت**
**بە دوژمنان هەلزنـاوی**
**چاک بزانە کە تۆ ئــــاوای**
**خۆت خائین و نۆکەر ماوی**

*

**پێشکەشە بەو قەلەم ژارانەی کە دژ بە کوردو کوردستان ژار بڵاو دەکەنەوەو تا خەراپە هەبێ چاکە نازانن.**